له مەخموور

کچێك بە سێ سیمکارت ١٢٠٠ دۆلار لە کوڕان بەردەداتەوە

خەلیل پالانی – مەخموور

کچێك بە سێ سیمکارتی کۆڕەك تیلیکۆم هەزارو دوو سەد دۆلار لە کوڕان بەردەداتەوە.

هاولاتیەك بەناوی خوازراوی (پەیوەند تەنیا) نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێتو خۆی لەگەڵ ئەو کچە پەیوەندی تەلەفۆنی کردووە، بە(دەنگی مەخموور)ی راگەیاند کە "کچێکی دانیشتووی مەخموور بەناوی (م.....ە) ئێستا خاوەنی حەوت سیمکارتەو سێ سیمکارتی ١٢٠٠$ی ئەمریکی تێدایە کە بەهۆی پەیوەندی کردنەوە لەگەڵ کوڕان بەدەستی هێناوە".

هاولاتییەکی تریش بەناوی (هاوڕێ) کە دانیشتووی هەولێرە وتی "بۆ ماوەی پانزە رۆژ هەموو دەستکەوتە داراییەکانی من بۆ ئەو کچە بووەو بۆیە ژوانێکی پێدام لەنێو بازاڕی قەیسەری هەولێر دامە بەر شەقانو دڵم داکەت".

ئەم کچە کە لە پەیوەندییەکاندا بەشێوەزاری سلێمانی دەدوێت دوابەدوای کۆکردنەوەی ئەو رێژە دۆلارە بۆ ناو سیمکارتەکەی لەهەولێر بەنرخێکی گرانبەها دەیانفرۆشێت، ئەمەو سەرچاوەکە ناوی کچەکەو ژمارە تەلەفۆنەکانی بۆ (دەنگی مەخموور) ئاشکرا کردو بۆ پاراستنو دروست نەبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی (دەنگی مەخموور) ناوی کچەکەو ژمارە تەلەفۆنەکانی ئاشکرا نەکردووە، هەروەها سەرچاوەکە ئەوەیشی ئاشکرا کرد کە ئەم کچە بە چەندین ناوی خوازراوەوە پەیوەندییەکان ئەنجام دەداتو هەندێ لەناوە خوازراوەکانیش ئەمانەن (فێنك، ژیلان، رۆژە... تد).

لەکاتی ئامادەکردنی هەواڵەکە کچێکی تر بەناوی (م.ص) بە(دەنگی مەخموور)ی راگەیاند کە "براکەی بەهۆی پەیوەندیکردنی لەگەڵ کچێك بەناوی (د) بڕی ٢٠٠$ یەکەی بۆ رەوانە کردووەو دوای ئاشکرابوونی وازی لێهێناوە".

بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداری کوڕانی دەقەرەکە دەکەینەوە کە وریای ئەم جۆرە کچانە بن نەوەك ببنە (ماردارى کەری رەنج بەخەساری).

(پیری چاوچنۆك)ی گروپی خەندەی شەو بەرەو کۆتایی دەچێت

کۆمەڵێك لاوی شارۆچکەی مەخموور گروپێکی نواندنیان دامەزراندووە، ماوەی سێ مانگە خەریکی وێنە گرتنی فیلمێکی کۆمیدین بەناوی (پیری چاوچنۆك) ئەمەو فیلمەکە گەیشتۆتە قۆناغی کۆتایی مۆنتاژکردن، ئەم فیلمەش لە بیرۆکەی (تۆفیق سەلیم)و لەدەرهێنانی (جەلال خەیلانی)و وێنەگرتنی لەلایەن (بارزان سالەیی) بەرێوە دەچێت، شایەنی گوتنە ئەم فیلمە لەگوندەکانی پالانیانو گردەشینەو قەسران وێنەی بۆ گیراوە، ناوەڕۆکی فیلمەکەش ئاماژە بەپیاوێکی دەوڵەمەندو لووت بەرزو خراپ دەکات، کە دواتر هەموو سامانەکەیو تەنانەت ژنەکەشی لەدەست دەداتو دەبێتە دەرۆزەکەر، سەرچاوەیەك نزیك لەو بەرهەمە بە (دەنگی مەخموور)ی راگەیاند کە ئەم بەرهەمە لەماوەیەکی کورت دەکەوێتە بازاڕەوە.

(براینە برادەرینە دەڕێم:
ئەوڕۆ هێوارێ چەندم گازکردی
لەسەر بەنێ، ئەتوو پەرچەمت
گەلەزەردە توخوا مەیان نێ لە خەنێ،
دەڕێم:
بەژنێ باریکو زەندێ بە بازنو
دوو چاوێ رەشکۆکە
ئەوسارەکە بەوێ زستانێ
دەچمە دەرێ لەکاولە وراتێ
ئۆباری منت بە ملی یە
پاش من جۆتە شەمامەی باغەرێ
لە دەست کەسی دی مەنێ)

حەیرانێك بە یادی جاران

زەکەریا لەدیدی عاشقانیدا

فەرمان محەممەد – هەولێر

هونەرمەند زەکەریا عەبدوڵلا یەکێکە لەو گۆرانیبێژە دەنگ خۆشانەی لەماوەی (١٠) ساڵی کارکردنیدا لەبواری گۆرانی گوتندا توانیویەتی جەماوەرێکی بەرچاو بۆخۆی کۆبکاتەوە. ئەوەی هەستی پێ دەکرێت بەم داییە عاشقانی ئەو دەنگە زیاتر باس لە گرنگیو خۆشی ئەلبوومە سەرەتاکانی هونەرمەند زەکەریا دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە (دەنگی مەخموور) چەندین چاوپێکەوتنی لەنێوەندەکانی خوێندن لە زانکۆدا لەمەر ئەم پرسەو زانینی هۆکارەکانی ئاخۆ هۆکاری بایەخدانی عاشقانی دەنگی زەکەریا بە گۆرانییە کۆنەکانی دەدەن، سەبارەت بەمەش ریپۆرتاژێك لەلاپەرە ٦ی رۆژنامەکەماندا بخوێننەوە کە هەریەك لە عاشقانی دەنگی زەکەریا راوو بۆچوونەکانی خۆیان دەخەنەڕوو و باس لەبەرهەمەکانی زەکەریا دەکەن.

کەمپی مەخموور

دوو خوشك و دوو برا گروپێکی هونەری پێکدێنن

زریان – کەمپی مەخموور

موسا عەلی یەکێکە لەو هونەرمەندە لاوانەی کەمپی ئاوارەکانی مەخموور (کوردستانی باکوور) لەساڵی ٢٠٠٢ەوە دەستی بەکاری هونەری کردووە، سەرەتا بە ئامێری سێتەر دەستی پێکردووە، دەتوانێ ئامێرەکانی (سازو سێتەرو جمبش و باڵەبان و ئۆرگ) بژەنێ، لەلێداونێکی تایبەت بە (دەنگی مەخموور)ی گوتی "لە زۆربەی ئاهەنگو بۆنەکان بەشداری ئەکەم وەك ئامێرە ژەنێك، جگە لەمەش کاری ئاواز دانانیش دەکەم، تائێستا چەند پارچە ئاوازێك داناوە".

دەربارەی پێکهێنانی گروپێکی هونەری لەناو بنەماڵەکەیاندا بەناوی (ئاڤە شین) موسا باسی لێوەکردو وتی " لەبنەماڵەکەمان دوو خوشك و دوو برا کاری هونەری ئەنجام دەدەینو هەستاوین بەدامەزراندنی گروپێك بەناوی گروپی (ئاڤەشین)، ستاڤی ئەو گروپەش جگە لەخۆم ئەوا هەریەك لە خوشك و براکانم بەناوی (گولناس و ستارو رەنگڤین) سەرپەرشتی ئەو گروپە دەکەین".

ئەگەرچی موسا عەلی چاوەکانی لەڕووی بینناییەوە لاوازن، بەڵام تائێستا هیچ لایەنێك هاوکارییان نەکردووە، سەبارەت بەمەش رایگەیاند "بەداخەوە تائێستا داوام لەهیچ لایەنێك نەکردووە بۆ یارمەتیدانی چاوەکانم، لەبەر ئەوەی کەس ناناسم، بۆیە لەرێگەی رۆژنامەکەتانەوە داوای یارمەتی دەکەم بۆ ئەوەی چاوەکان چاك بێتەوە".

شایەنی گوتنە هونەرمەند موسا ناوی تەواوی موسا عەلی سەعید لەساڵی ١٩٨٩ لەگوندی گەڤەر لەکوردستانی باکوور لەدایکبووە، ساڵی ١٩٩٤ بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە روو دەکاتە ئێران و دوای پرۆسەی ئازادی ئێراق لەکەمپی ئاوارەکانی مەخموور گیرساوەتەوە.

لە مەخموور

رێوڕەسمێك بۆ چلەی ماتەمینی مام مەغدید بەڕێکرا

لەرێکەوتی ٢٠٠٩/٥/١١ رێورەسمی چلەی ماتەمینی (مەغدید سلێمان) بەرێوەبەری کاربی مەخموور بەرێوەچوو، ئەمەو لەهۆلی بۆنە ئایینییەکان لەمەخموور لەژێر چاودێری (بارزان سەید کاکە) قایمقامی قەزای مەخموورو بەئامادەبوونی بەرپرسانی حیزبیو حکومیو رێکخراوەکانی ئافرەتانو لاوانو مامۆستایانی ئایینیو مامۆستایان و کەسایەتی کوردو عەرەبی دەڤەرەکەو بنەماڵەی خوالێخۆشبوو، بۆ ئەم مەبەستە کۆرێکی ماتەمینی سازکرا، لەکۆرەکەدا ژیاننامەی خوالێخۆشبوو خوێندرایەوەو هەوڵو ماندووبوونیو دڵسۆزی بەرێوەبەری کۆچکردووی کاربا بەرز نرخێندراو لەوتارەکانیاندا ئامادەبووان کۆچکردنی ناوبراویان بەدروستبوونی بۆشایی لەکارو چالاکییەکانی ئەو بەرێوەبەرایەتیە خستەڕوو، لێرەدا وەکو دەستەی نوسەرانی (دەنگی مەخموور) بەپێویستی دەزانین پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو بکەین، لەهەمانکاتدا لەخودای گەورە داواکارین بەبەهەشتی خۆی شاد بکات.

والاّ

خەلیل پالانی

کێ لە هەڵکردنی (تۆزوبا)ی ناوچە دابڕاوەکان بەرپرسیارە؟

(تۆزوبا) نەك بەمانای خۆڵبارینەکەی ناوەوە لەعەرەبستانەوە هەڵدەکاتو بیناقاقای ئاسمانو رێسمانمان لێ دەگرێت، بەڵکو ئەو تۆزوبایەی کە مەبەستە تۆزوبای سیاسەتی بەرێوەبردنی ناوچە دابڕاوەکانە لەلایەن هەردوو حکومەتی ئێراقو کوردستان، بێگومان هیچ کامێك لەو دوو حکومەتە ، لەهەڵکردنی ئەو تۆزوبایە بێتاوان نین، بەڵگەو دیکۆمێنتی زۆر هەنو گەواهیدەری ئەو راستیانەن.

بەهەرحاڵ تۆزوباکە گەیشتە ئەو ئاستەی ئیدارەی مەخموور بڕیارێکی حەکیمانە بدات بەرامبەر بە هەڵوێستە شۆفینییەکەی لیستی (حەدبا) کە ئەویش قۆرغکردنی تەواوی پۆستەکانی ئەنجومەنو ئیدارەی پارێزگای موسڵە بۆ خۆیو بێبەشکردنی کوردە لە بچوکترین پۆستی ئیداری، هەرچەندە بەبڕوای من دەبوا ئەو بایکۆتەی کە ئەمڕۆ سەرکردایەتی کورد قەناعەتی بۆ دروست بووە ، دواکەوتو لەکاتی خۆیدا نەبوو ، لەبەر ئەوەی مەخموور بەبڕیارێکی تاك لایەنانەی رژێمی بەعس خراوەتە سەر موسڵو دوای ئازادیش دەرفەت هەبوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە ، بەڵام دیسانەوە لەلایەن سەرکردایەتی کورد گەڕاندنەوەی مەخموور بۆ سەر ئیدارەی هەولێر پشتگوێ خرا ، ئەمیش بەمەبەستی زیادکردنی رێژەی دەنگەکانی کورد بوو لەسەر پارێزگای موسڵ، بەڵام ئەمڕۆ بینیمان کە رەوشەکە بەشێوەیەکی خراپ شکایەوە سەر کورد بەگشتیو خەڵکی ناوچەکە بەتایبەتی ، بەم شێوە مەخموور جارێکی دیکەش بووە قوربانی سیاسەتی (تۆز)ی عەرەبو (با)ی کورد ، ناچار تۆزوبای سیاسەتە هەڵەکانی بەرێوەبردنی ناوچە دابڕاوەکان لەلایەن سەرکردایەتی کوردو عەرەبە شۆفێنیەکان رۆژانە هەڵدەکاتو ئاکامەکەیشی نەهامەتیو دەردەسەری زیاتری لێدەکەوێتەوە بۆ خەڵکی ناوچەکە.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم سەرکردایەتی کورد وەئاگا بێتەوە لەو رەوشەی کە دەڤەری مەخموورو ناحیەکانی دەوروبەری پێیدا تێپەڕ دەبن، کە ئەوان بەرپرسیاری یەکەمو دواهەمن لەو ئاستەنگانەی کە ئەمڕۆ هاتۆتە بەردەم چارەنووسی ناوچەدابڕاوەکانو هەر ئەوانیش لە ئاراستەکردنی چارەنووسی دەڤەری مەخموور بەو ئاقارە مەترسیدارەدا بەرپرسیارن، بۆیە نابێ بەهیچ شێوەیەك ئەو قەزاو ناحیانەی بایکۆتی پارێزگای موسڵیان کردووە فەرامۆش بکرێنو هەرچی زووە کار بۆ گەڕاندنەوەی بوودجەکەیان لەلایەن پارێزگاکە بکرێ و هەوڵی ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریو بیناکردنەوەو جوانکردنی سیمای ئەو ناوچانە بدرێت بۆ قەرەبووکردنەوەیان لەو نەهامەتیانەی کە دووچاری هاتوونو کەمێك قەرەبووی ئەو بەرپرسیاریەتیەیان لە هەڵکردنی تۆزوبای بەرێوەبردنی ناوچە دابڕاوەکان کەم بکەنەوەو بەرەو هێنانەدی ئاووهەوایەکی پاکو تەندروست بۆ رەوشی ناوچەکە هەنگاو بنێن.